
## ئەرجومەن هەورامی بە(کۆتایی) واز لەکاری هونەری دەهێنێت

### هونەرمەند ئەرجومەن هەورامی بۆ گوڵان:

# هونەرمەندانی هەورامان دوای هونەری بێگانە نەکەوتوون



**هونەرمەند ئەرجومەن هەورامی یەکێکە لەو هونەرمەندە دیارانەی ناوچەی هەورامان و خاوەن دەنگێکی بەسۆزو خاوەن توانایاکی باشی هونەرییە لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵان، بەمشێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکان هاتە ئاخاوتن.**

**دیمانە: سۆران مارف**

*** هۆکار چییە تاوەکو ئێستا هونەری ناوچەی هەورامان هەر بەرەسەنایەتی خۆی ماوەتەوە، لەکاتێکدا کاردانەوەی هونەری ناوچەی دیکە کەوتۆتە ژێرکاریگەری هونەری بێگانەوە؟**

- وەکو هەموومان دەزانین هونەری ناوچەی هەورامان بەشێکی گرنگە لە هونەری کوردی ناوچەی هەورامان، ناوچەیەکی تاڕادەیەک داخراو بووە، ئەمەش وایکردووە تاڕادەیەک دوور بێت لەکاریگەری دەرەکییەوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم هەندێک جارگۆرانی هەورامی توانیویەتی تاڕادەیەکی باش کاریگەری لەسەر هونەری دەوروبەر هەبێت، ئەمەش وای کردووە هونەری ناوچەی هەورامان بەزیندووی بمێنێتەوە، هونەرمەندانی ناوچەی هەورامان هەمیشەکاریان لەسەر ئەوە کردووە، ڕەسانەیەتی کلتووری نەتەوەین و ڕۆڵیان لەو ڕووەوە بینیوە.

*** چۆن دەتوانیت هونەرێك کە بەهونەری زیندووی ناو دەبەین بەزیندووی بهێڵدرێتەوە؟**

- زیندووهێشتنەوەی هونەری ڕەسەنی هەورامان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کاری هونەری هونەرمەندانی دەڤەرەکە، کە چۆن بیردەکەنەوە تاڕەسانەیەتی لەکارەکانیاندا ون نەبێت، من وەکو هونەرمەندێکی ناوچەی هەورامان هەرگیز گوێ لەکەسێک ناگرم بیەوێت هونەری کوردی بەئاڕاستەیەکدا بەرێت کەخزمەتی هونەری بێگانەی پێبکات تاهەرگیز نەچمە ژێرکاریگەری هونەری بێگانەوە، ئەمەش وای کردووە هونەرەکەمان بەزیندووی بهێڵینەوە، تۆ کاتێک گوێ لەگۆرانی فارسی یان تورکی دەگریت بێگومان دەچیتە ژێر کاریگەرییانەوە، بۆیە ئەتوانم بڵێم هونەرمەندانی ناوچەی هەورامان زیاتر بەدوای کارە فۆلکلۆرییەکانی خۆمان کەوتوین نەوەک بێگانە.

***هەردوو شێوازی کرمانجی ژوور و خواروو توانیویانە لەڕووی تەکنیک و کارکردنەوە گۆڕانێک بکەن، کەچی ئێوە لەو ڕووەوە تاڕادەیەک کەمتەرخەم دیارن، تۆ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- دیارە هەر پێشکەوتن و گۆڕانکارییەک پەیوەندی بە هاوکاری و پشتیوانی هەیە، ئەو هاوکاریهی ی بۆ هونەرمەندانی ناوچەی تر تەرخان دەکرێت بۆ هونەرمەندانی ناوچەی هەورامان تەرخان ناکرێت، چەندکەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە هیچیان یەک سەعات بەرنامە بەرەوا نابینن تەرخانی بکەن بۆ ناوچەی هەورامان لەکاتێکدا ناوچەی هەورامان

کلتورێکی دەوڵەمەندی هەیــە و خاوەنی چەندین روونا کبیر و هونەرمەندە. ناوچەی هەورامــان لانەی هونەرە، هەورامان چەندین هونەرمەندی هەیە، ماوەی حەوت هەشت ساڵە نەیان توانیـــوە بەرهەمی خۆیان پێشـــکەش بکــەن لەبەر نەبوونی هـــاوکاری و پشـــتگیری، ئیترئەم هونەرمەندانـــە چۆن بیر لە گۆڕانکاری و پێشـــکەوتنی هونەرەکەیـــان بکەنەوە دەنا هونەرمەندانی ناوچـــەی هەورامان هیچیان لەتواناوکارەکانی هونەرمەندانی ناوچەکانی تر کەمتر نییە و ئێستاش شانازی بەوەوە دەکەین کە هونەری ناوچەکەمان بەپاکی هێشتۆتەوە.

*** باســـت لەتەواوی هونەرمەندانی ناوچەکە کرد ئەی تۆ تاچەنـــد وەکو ئەرجومەن هەورامی هەوڵی ئەوەت داوە گۆڕان لەستایل وکارەکانی ناوچەکەت بکەیت؟**

- من تاچەند هەوڵمدابێت گۆڕان لە ســـتایل و رێچکەی کارەکانم بکەم، بەڵام ئەوەم لەبیر نەکردووە کە رەســـەنایەتی ناوچەکەم لە هونەرەکەمدا کاڵ نەکەمەوە، من لەساڵی ١٩٩١ کارم لەگەڵ هونەرمەند (هۆزان ســـەرحەد)دا کردووە کە زۆر جار عازفی بۆ هونەرمەنـــد ئیبراهیم تاتلەس کردووەکە زۆر سەرســـام بوو بە هونەری ناوچەی هەورامان زۆر جێگای داخ بوو، کەوا تائێســـتا هەوڵ بۆخزمەتکردنی هونەری ناوچەی هەورامان نەدراوە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی چەندکارێکی بۆمن کردکۆچی دوای کرد و لەژیاندا نەما.

***هونەرمەند (عوســـمان چێمنەی) بەقوتابخانەی ناوچەی هەورامـــان ناودەبرێت، ئێـــوە تاچەند ســـودتان لەتوانای ئەو بینیوە؟**

- دیارە هونەرمەند(عوســـمان چێمنەی) کەسێکی شارەزاو بەتوانایـــە لەناوچەکـــەدا هەریەک لەم جیلـــەو پێش ئێمەش گۆرانی چڕیوە گۆرانییەکی مامۆستا عوسمانمان گوتۆتەوەوە کاریگەری تەواوی بەســـەر تەواوی هونەرمەندانی ناوچەی هەورامانەوە هەبووە ئێمە هەموومان شانازی بەتواناوسەلیقەی هونەری ئەوەوە دەکەین هونەرمەند شـــەجەریان باســـی تواناو ســـەلیقەی مامۆســـتا (عوســـمان چێمنەی) کردووە، بۆیە ئەوەندە گەورەیە ناتوانم هیچی لەئاستدا بڵێم تەنها ئەوەندە دەڵێم قوتابخانە بووە بۆ ئێمە قوتابخانەشە بۆ نەوەی دوای ئێمە.

*** تـــۆ بەرهەمەکانت کەمە کەچـــی نازناوێکی هونەری باشت هەیە ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا هونەرمەندانی ناوچـــەی هەورامان کە من یاخود توانـــا هونەرییەکەی ئێوە وایکردووە کە بەرهەمەکانتان بچێتە ناو جەماوەرەوە؟**

- دەتوانم بڵێم زۆربەی خەڵکی ناوچەی هەورامان دەنگیان خۆشـــەو توانای گۆرانی گوتنیان هەیـــە، ئێمەش کەدوای راپەڕین کاتێک دەستمان بەکاری هونەری کرد تەنها کەناڵی ناوخۆی هەبوو ئەمەش وایکردووە زۆرجار بەرهەمەکانم پەخش و بلاودەکرایەوەوە منیش هەوڵم دەدا ئێحساســـە هونەرییەکەی خۆم بەشێوەیەکی پاک پێشکەشـــی خەڵک بکەم، ئەمەش رەنگە ئـــەو رەنگدانەوەی هەبێت هەرچەنـــدە خەریکە هونەر دەبێتـــە بازرگانی ئێمەش خەریکە لەکاروانە هونەرییەکە جێ دەمێنین.

*** لەدیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەیت کە بۆ یەکجاری واز لـــە کاری هونەری بهێنیت، هۆکاری ئەم وازهێنانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من کاتێک منداڵ بووم ئاواتم ئەوە بوو ببمە هونەرمەند خۆشـــبەختانە دوای راپەڕین توانیم ئـــەو ئاواتە بهێنمەدی و کۆمەڵێـــک کاری هونـــەری جوان پێشـــکەش بکەم هەتا ئێســـتا رۆژانە خەڵکی داوای بەرهەمی نوێ وکاری هونەریم لێدەکەن سەردەمێک کاتێک من بەرهەمێکم پێشکەش دەکرد بەپارەیەکی کەم دەمتوانی تەواوی بکەم، بەڵام ئێســـتا رەنگە نەتوانی بەپارەیەکی کەم کارێکی خراپیشی پێ ئەنجام بدەیت کە تۆ کارێکت کرد دەبێت جێگەی دەستخۆشی جەماوەر بێت و هەنگا و لەدوای هەنگاو تۆکاری جوانتر پێشکەش بکەیت، بۆیـــە ئەرکی وەزارەتی رۆشـــنبیری و حکومەتی هەرێمە کە هاوکاری هونەرمەندان بکات بۆپێشکەشکردنی کاری جوان وکەچی وایلێهاتووە دەبێت بەپارانە هاوکاریت بکەن هەرچەندە ئەوە کاری من نییە تاکەســـایەتی هونەرەکەم لەدەســـت بدەم تائێســـتا توانام هەبووە هەوڵم داوە، بەڵام کەتوانام نەما دەبێت لە هونەرەکـــەم دوور بکەوەمەوە یاخـــود بەپێچەوانەوە دەبێت منداڵەکانـــم وەلابنێم و ئەگەر ژیانـــم تەرخان کرد بۆ ماڵ و منداڵ بێگومان هونەرەکەم لەدەســـت دەچێت کەمن هونەر و منداڵەکانم بەشـــێکن لەجگەرم، من مانگی چوار سەردانی ئێران دەکـــەم بـــۆ تەواوکردنـــی کارە هونەرییەکانی دویان بەرهەمـــم و ناوی سیدیەکەشـــم ناوە(کۆتایی) واتە کۆتایی کاری هونـــەری من چەنـــد جار چووم داوەمـــە لە دەرگای وەزارەتی رۆشنبیری تەنانەت نەیان هێشتووەکاک (فەلەکەدین ) ببینم لەکاتێکداجەنابی وەزیرخۆی من دەناســـێ و زۆرجار باســـی منی کردووە، بەڵام سکرتێرەکەی رێگەی نەداوە من کاک (فەلەکەدین)ببینم مـــن کاتێک لەلایەن رێکخراوی (ئەنسارولئیسلام) دەســـتگیرکرام لەبیارەکابرایەکی ئەفغانی دەیزانـــی هونەرمەندم، کەچی بەداخەوە ســـکرتێری وەزیری رۆشنبیری نەیزانی من کێم.

*** ئەی بۆچـــی هەوڵنادەیت لەرێگـــەی کۆمپانیایەکی ئەهلییەوە کارەکانت جێبەجێ بکەیت؟**

- تائێســـتا لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک قسەم نەکردووە و ئاگادارم ئەوانیش بەهۆی دیاردەی کۆپی کردن زۆرکۆمپانیا کارە هونەرییەکانـــی خۆیـــان راگرتـــووە، لەبـــەر نەبوونی سانسۆرێک لەسەر ئەم کێشەیە.

*** دواین پرۆژەتان چییە؟**

- دیارە کۆتایـــی کە دواین بەرهەمی مـــن دەبێت خۆی لە(١٠) گۆرانیدا دەبینێتـــەوە، چوارئاوازیان ئاوازی خۆمن و ئەوانی تر ئاوازی فۆلکلۆرن و بەنیازم گۆرانییەکی شێوازی ســـۆرانی لەو ســـیدییەدا پێشـــکەش بکەم، بەهیوای بتوانم تاکۆتایی ساڵ بەرهەمەکەم پێشکەشی هەوادارانی گۆرانی مۆسیقای کوردی بکەم

**هەورامان چەندین هونەرمەندی هەیە، ماوەی حەوت هەشت ساڵە نەیان توانیووە بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن لەبەر نەبوونی هاوکاری و پشتگیری**

**بەهۆی دیاردەی کۆپی کردن، زۆر کۆمپانیا کارە هونەرییەکانی خۆیان راگرتووە لەبەر نەبوونی سانسۆرێک لەسەر ئەم کێشەیە**

# کریستینا صەوایا:

# ڕاگەیاندنی کوردی پێویستی بە تێکەڵاوی زیاترە



کریستینا صەوایا یەکێکە لە کچە ڕاگەیاندنکارە لوبنانییە سەرکەوتووەکان، لە هەمان کاتدا شاجوانی پێشووی وڵاتی لوبنانە لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری بەیروت لە دایکبووە مۆڵەت پێدراوە لە بواری بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن و ئابووری لە زانکۆی ئەمریکی لە شاری بەیروت، هاوسەری تۆنی بارودە کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕاگەیاندنکارە لوبنانییەکان لە هەمان کاتدا شانۆکاریشە، ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێت لە هۆکارەکانی دیکەی سەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردنی هەردووکیان وەك تەواوکەری یەکتری، لە پەیوەندییەکدا کریستینا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com



*** سەرەتا حەز دەکەین باسی ئەوەمان بۆ بکەی چۆن هاتوویتە نێو بواری راگەیاندنەوە؟**

- گەیشتنی من بەو ئاستەی ئێستا هەر وا ئاسان نەبووە و بە چەندین قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیوم تا گەیشتمە ئەو ئاستە، من لە ساڵی ١٩٩٨ نازناوی شاجوانی زانکۆکانی لوبنانم بەدەستهێنا، لە ساڵی بە باشترین نمایشکاری جلوبەرگ دەرچووم، لە ساڵی ٢٠٠١ مسیو لیبونان (شاجوانی لوبنان بووم)، لە ساڵی ٢٠٠٨یشەوە بەرنامەی ئەجوا لە کەناڵی (المستقبل) پێشکەش دەکەم.

*** تۆ شاجوانی لوبنان بووی، ئایا ئەمە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کە لە راگەیاندن رۆڵی خۆت ببینی؟**

- بێگومان جوانی لە هەموو شوێنێك رۆڵی خۆی هەیە بەتایبەتی لە بواری راگەیاندن هەرهیچ نەبێت بۆ دەرخستن و دەرکەوتنی بێژەر یان راگەیاندن لە هەردوو رەگەز، چونکە بۆ هەردووکیان وەك یەك پێویستە، بەڵام ئەوەی سەیری ئەو بەرنامانەی کردبێت من زۆر گرنگیم بە جوانی نەداوە، ئەگەر تا رادەیەکیش جوانی خۆم دەرخستبێت بۆ ئەوە نەبووە کە هەڵە و کەموکورییەکانی خۆم بشارمەوە، چونکە من ماوەیەکی زۆرە لە بواری راگەیاندندا کار دەکەم و هەمیشە هەوڵمداوە گرنگی زیاتر بە ناوەرۆکی ئەو کارە بدەم کە پێشکەشم کردووە بە جۆرێك بینەر لێم رازی بێت.

*** ئایا توانای ئەوەت هەیە بەرنامەی سیاسی پێشکەش بکەیت؟**

- هەر بێژەرێك یان راگەیاندنکارێك لە بوارێکی تایبەتدا پسپۆڕە منیش زیاتر حەز لەو بەرنامانە دەکەم کە هونەری و (ترفیهی )یە حەز دەکەم بەردەوام لە جووڵەدابم نەك لە بەرنامەی سیاسی .

*** لەبەر ئەوەی کە ئافرەتی؟**

- نەخێر ئەمە سروشتی منە، چونکە زۆر ئافرەت هەیە لە پێشکەشکردنی بەرنامەی سیاسیدا زۆر سەرکەوتووبوون تەنانەت دەتوانم بڵێم لە هەندێك پیاویش سەرکەوتووترن.

*** مەرجەکانی سەرکەوتنی بێژەر چین؟**

- رەنگە هەر کەسێك مەرجی تایبەتی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی راگەیاندنکار من پێموایە بێژەری سەرکەوتوو پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت: کەسایەتی هاوسەنگ لە نێوان رووخسار و ناوەڕۆك، سەلماندنی بوونی خۆی لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامە، پەلە نەکردن لە بڕیاردان بەتایبەتی لە بەرنامە راستەوخۆکان.

*** پێت وایە بۆچی راگەیاندنکار و بێژەرە لوبنانییەکان لە زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکانیان پشتیان پێ دەبەسترێت و بوونی خۆیان سەلماندووە؟**

- من نامەوێ بڵێیم راگەیاندنکارە عەرەبییەکانی دیکە سەرکەوتوو نین یان لوبنانییەکان لەوان باشترن، ئەم زۆر بڵاوبوونەوە و ناوبانگ دەرکردنی راگەیاندنکارە لوبنانییەکان زۆر هۆکاری هەیە سەرەکیترینیان رەنگە ئەو ئازادییە بێت کە لوبنانییەکان هەیانە بەتایبەتی ئافرەتەکان، ئەمەش وایکردووە کە لوبنانییەکان زیاتر گرنگی بە خۆ رۆشنبیرکردن بدەن بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی خۆیان بکەنەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن لە هەمان کاتدا بە باشترین شێوە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و داهێنانێکی نوێی تێدا بکەن، بۆیە دەبینین راگەیاندنکارانی لوبنان بە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبییەوە بڵاوبوونەتەوە.

*** تۆ و تۆنی چۆن هەماهەنگی یەکتری دەکەن؟**

- زۆر کەس پێمان دەڵێن بۆچی بەیەکەوە بەرنامەیەك پێشکەش ناکەن ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە هەردووکمان راگەیاندکارین، بەڵام ئێمە ئەو هەوڵەمان نەداوە، زۆر جار تۆنی پێشنیار و رای سەرنجی خۆی هەیە دەربارەی کارەکانی من منیش بە هەمان شێوە و هەوڵ دەدەین هەڵەکانی یەکتر نەهێڵین.

*** لە ماڵەوە چۆنن؟**

- وەك هەر هاوسەرێکی ئاسایی رەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەین و زۆر کەمیش باس لە کار دەکەین و ئەم کاتەی لە ماڵەوەین بۆ ژیانیی تایبەتی خۆمان و منداڵ تەرخانی دەکەین.

*** ئەگەر هەردووکتان راگەیاندنکار نەبوان ژیانی هاوسەریتان پێکدەهێنا؟**

- ئەمەیان قسمەت و نسیبە، بەڵام لەوانەیە کاری هەردووکمان کە راگەیاندنە رەنگە تا رادەیەك رۆڵی هەبێت لە بە یەکگەیشتنمان.

*** بەڵام زۆر کەس دەڵێن تۆ ویستووتە ناوبانگت زیاتر بێت لە رێگای تۆنییەوە؟**

●●●
زۆر ئافرەت هەیە لە پێشکەشکردنی بەرنامەی سیاسیدا زۆر سەرکەوتووبوون
●●●

●●●
کەسایەتی هاوسەنگ لە نێوان رووخسار و ناوەڕۆک، خۆ سەلماندن، پەلە نەکردن لە بڕیاردان بەتایبەتی لە بەرنامە راستەوخۆکان، مەرجی سەرکەوتنی بێژەرن
●●●









- مـــن لەگەڵ ئـــەو رایە نیـــم ئەگەر تۆنی لـــە بواری راگەیاندنیش نەبوایە وەك هاوسەری ژیان هەڵم دەبژارد، چونکە ئێمە وەك دوو مرۆڤ یەکتریمان خۆشویستووە و رێز لە یەکتری دەگرین

*** ئایا تێکەڵاویت لەگەڵ سیاسەت هەیە؟**

ئەوەی راســـتی بێت من زۆر حەز لە بەرنامەی سیاسییەکان ناکـــەم، چونکە خۆم لەو جۆرە بەرنامانـــەدا نادۆزمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە کێشە و گرفتی زۆرە، بۆیە تا رادەیەك ناچارین ئاگاداری سیاسەت بین.

***باشترین پێشکەشکاری بەرنامەکان لای تۆ کێن ؟**

- من بە زۆریان سەرســـامم لەوانە نیشـــان، مارسیل غانم، جۆرج قەرداحی، تۆنی خەلیفە.

*** تۆ نازناوی شـــاجوانت هەیە بۆچی رووت لە نواندن یان گۆرانی گوتن نەکرد لەجیاتی راگەیاندن؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری راگەیاندن کردووە، بۆیە کاتێك دەرفەتم بۆ رەخسا ئەوا بێ دوو دڵی پێی رازی بووم.

*** گرفتەکان چین کە دووچاری تۆ بوونەتەوە لە کارکردن؟**

بێگومان هـــەر کارێك کە مرۆڤ ئەنجامی بدات ســـەرەتا گرفتـــی خۆی دەبێت، بەڵام پێویســـتە مرۆڤ هەمیشـــە لە هەوڵـــدان بێت بۆ ئەوەی بەســـەر گرفتەکانیـــدا زاڵ بێت و لە بواری کارکردنیدا سەرکەوتوو بێت.

*** دایکایەتی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- خۆشـــترین هەســـتە بۆ هەموو ئافرەتێك، من بەر لەوەی ژیانی هاوســـەریش پێـــك بهێنم منداڵم زۆر خۆش دەویســـت، ئێستاش دوای ئەوەی خۆم بووم بە دایك، منداڵەکانم زۆر خۆش دەوێت بەشـــێوەیەك کە وەسف ناکرێت وابزانم هەموو دایکێکیش هەمان هەســـتی هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم هەر ئافرەتێکی بەناوبانگ جا ئەکتەر بێت یـــان گۆرانیبێژ یان بێژەر یان هەر ئافرەتێك کە لە خەڵکەوە نزیك بێت رەنگە نەتوانێت وەك پێویست گرنگی بە منداڵەکانی بدات .

*** چی دەزانی دەربارەی میللەتی کورد؟**

- بە حوکمی ئەوەی کە من راگەیاندنکارم ئەوا تا رادەیەکی زۆر زانیاریـــم دەربارەی کوردەکانی عێراق هەیە و دەزانم کە لە چەند وڵاتێکی دیکەش کورد هەن، هەرچەندە وەك پێشتر باسم کرد من نامەوێ زۆر بچمە ناو سیاسەتەوە.

*** ئـــەی لە رووی فەرهەنگ و کەلتـــوورە چ زانیارییەکت هەیە دەربارەی کورد؟**

ئەوەی راســـتی بێت لەم بوارەوە زانیـــاری زۆرم نییە، بەڵام زۆر حـــەز دەکـــەم زانیـــاری زۆرم هەبێت دەربـــارەی هەموو نەتەوەکانی جیهـــان هەبێت لەوانەش نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی وەك راگەیاندنکارێك شارەزاییم هەبێت، چونکە بۆ من سوودی زۆری هەیە.

*** راگەیاندنی کوردی چۆن بڵاودەبێتەوە لەســـەر ئاســـتی وڵاتانی عەرەبی؟**

- پێویســـتە زیاتر پەیوەنـــدی و تێکەڵاویتـــان هەبێت بۆ ئـــەوەی بتوانـــن پردێکـــی پتەو دروســـت بکەن و ســـوود لە شـــارەزایی و پســـپۆرییان وەربگرن، چونکە وڵاتە عەرەبییەکان لە بواری راگەیاندن ئێســـتا زۆر پێشکەوتوون بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان.

*** دوا وتەت؟**

هیوادارم بتوانم پەیامی مرۆڤی خۆم لە ژیاندا بەو شـــێوەیە بگەیەنم کە من دەمەوێ، هەروەها هیوادارم ئاشـــتی و برایەتی سەرتاپای جیهان و بەتایبەتی ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراست بگرێتـــەوە لەوانەش عێراق و لوبنان، چونکە وەك هەموو لایەك ئاگادارین پشـــێوی و نا ئارامی لەم ناوچانەدا هەیە و خەڵکی ئەو دوو وڵاتە شایەنی ئەوەن بە خۆشی و کامەرانی بژین.

# حەسەن شەریف لە نەورۆز گەڕایەوە



دوای ماوەیەك چاوەڕوانی جەماوەر بۆ بەرهەمە نوێیەکەی هونەرمەند حەسەن شەریف وەك خۆی بەڵێنیدا بوو بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەو بەرهەمە نوێیەکەی خۆی وەك جەژنانەیەك پێشکەش بە جەماوەر کرد.

لەم بارەوەیەوە عیسا مێرگەسووری بەڕێوەبەری راگەیاندنی کۆمپانیای رایگەیاند: کۆمپانیای کۆرەك میوزیك بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزی پیرۆز موژدەی بڵاو کردنەوەی ئەلبۆمی هونەرمەندی مەزن (حەسەن شەریف ) دەداتە هۆگرانی هونەری کوردی،ئەم ئەلبوومە نوێیەی هونەرمەندی حەسەن شەریف بەناوی (تاڤێ) یە و لە ١٢ گۆرانی نوێ پێك هاتووە یەکێك لە گۆرانی بە زاراوەی سۆرانی و ئەوانی تر بە زاراوەی کرمانجی

مێرگەسۆری ئاشکرای کرد کە ئەم ئەلبۆمەی هونەرمەند لە سەر ئەرکی کۆمپانیای کۆرەك میوزیك بەرهەم هاتووە و کاری موزیکی لە وڵاتی سوید و تورکیا بە ئەنجام گەیاندووە و هەروەها لە سەر ئەرکی کۆمپانیا گۆرانی (زەمانۆ) ی لە ولاتی سوید بۆ کلیپ کراوە و کاری دیزاین و چاپی لە وڵاتی تورکیا بە ئەنجام گەیاندووە و لە جەژنی نەورۆز لە سەرانسەری کوردستان بڵاو کراوەتەوە .

لە لایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بەم ئەلبوومە هونەرمەند حەسەن شەریف دەڵێ: هەرچەندە ماوەی چەند رۆژێکە بەرهەمەکەم بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من لە سەرکەوتنی دڵنیام،چونکە بەر لەوەی ئەم بەرهەمە بڵاو بکەمەوە کارەکانی پێشووم لە هەموو روویەکەوە زۆر بە باشی لێکداوە و شیکردەوە کە بە چی شێواز و کوالیتییەك بێت، چ موزیك و ئاواز و هۆنراوەی تێدا بەکار بهێنم ئەوەی مەبەستم بوو ئەنجامەمدا، هەروەها سەربوردەی ژیانی هونەری خۆم و تاقیکردنەوەکانی پێشووم بووە هۆی ئەوەی گەشبین بم بەم بەرهەمە، من کەسایەتی هونەری خۆم و ستایلی دەنگی خۆم بە باشی شیکردۆتەوە و لەو باوەڕەدام هەر شتێك بڵێم سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام دڵنیا بوونم لە سەرکەوتنی بەرهەمی داهاتووم بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە: پەیڤ، ئاوازی باش، بە کارهێنانی ئامێری موزیکی باش بەشێوەیەکی نوێ و مۆدێرن، موزیکی کۆنی کوردیم لەگەڵ موزیکی نوێ تێکەڵ کردووە، هەندێك ئامێری کوردی کۆنم بەکارهێناوە کە کەس بەکاری نەهێناوە، لە هەموویشی گرنگتر لە سوید گۆرانییەکانم تۆمار کردووە نەچوومەتە تورکیا یان شوێنێکی دیکە ستۆدیۆکە چەند کاتژمێرێك لە ماڵی منەوە دوور بوو، موزیکژەنەکان بە شێوەیەکی زۆر باش ستۆدیۆیان بۆ ئامادە دەکردم، لێکگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا هەبوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ نەبم و نەکەومە ژێر هیچ فشارێکەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمانە هەموویان هۆکاری ئەوەن کە لە سەرکەوتنی دڵنیا بم .

جیاوازییەکی بەرچاوی ئەو بەرهەمە ئەوەیە کە گوێگرانی کورد گوێیان لە بەرهەمێکی کوردی دەبێت لە نێو موزیکێکی زۆر خۆش و ئاست بەرزی جیهانی، بەجۆرێك کە گەنجێکی سویدی چۆن گوێ لە گۆرانییەکی سویدی دەگرێت بە هەمان شێوە گوی لە گۆرانی کوردیش بگریت، هەروەها لە بەرهەمەکانی پێشووم چەند ئامێرێکی موزیکی تێدا زاڵ بووە وەك باڵەبان و چەند ئامێرێکی دیکەی هەوایی ئەم جارەیان موزیکی یەریڤانم تێدا بەکارهێناوە وەك دولوست و کەمانچەی کوردی، بابەت و شێوازی گوتنیشم جیاوازە .

## هونەرمەند ماهیر:

## هاتنەوەم نزیک نییە، بەڵام زۆریشی نەماوە

ماوەی چەند ساڵێك دەبێ هونەرمەندەی دەنگخۆش و بە توانا ماهیر محەمەدئەمین لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە لە کاتی رۆیشتنیدا راگەیەنرا کە رۆیشتنی بۆ دەرەوە بە شێوەیەکی یەکجاری نییە، بەڵکو دوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دەربارەی گەڕانەوەی یەکجاری بۆ کوردستان هونەرمەند ماهیر محەمەد ئەمین گوتی: دەمەوێ جەماوەری خۆم و خوێنەرانیش دڵنیا بکەمەوە کە گەڕانەوەم نزیك نەبووە، بەڵام زۆریشی نەماوە، سەبارەت بە سەختی کاری هونەری و جیاوازی لە نێوان کوردستان و دەرەوە، هونەرمەند ماهیر دەڵێ: من هەمیشە گوتوومە ئەنجامدانی کاری هونەری باش لە ئەوروپا وەك هەڵکەندنی بیرێکە بە دەرزی، بەڵام لە کوردستان رەنگە تا رادەیەك لە هەندێك رووەوە باشتر بێت، بەڵام دیسانیش ئەگەر هونەرمەندێك بیەوێ کاریکی باش و پرۆفیشناڵ بە ئەنجام بگەیەنێت ئاستەنگ و گرفتی زۆری دێتە پێش.

سەبارەت بەوەی بەرهەمە نوێیەکەی لە بەرهەمەکانی پێشووتری باشترە و ئایا کاری باشتری پێیە بۆ داهاتوو هونەرمەند ماهیر دەڵێ: بە دڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ، بەڵام کێن ئەوانەی هەڵسەنگاندن بۆ کارەکان دەکەن تا ئەنجامەکان بزانن.



## وەلید تەوفیق بۆ گوڵان دەدوێ

دوای ئەوەی چەندین گۆرانیبێژی عەرەبی و بیانی و تەنانەت کوردیش بۆ پشتگیری کردن لە منداڵەکانی غەززە گۆرانی و سروودیان گوت، هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی وەلید تەوفیق لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئاهەنگێك بۆ منداڵانی غەززە لە هۆڵی کۆنکۆرد لافیت ساز دەکات و دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکەش راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بەیروت بۆ تۆمار کردنی گۆرانی (شوف شو حلوه بیروت) بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ کە لە تێکستی نزار فەرەنسیس و ئاوازی هونەرمەند وەلید تەوفیق خۆیەتی.

**خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە لە ژمارەی داهاتوو دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ هونەرمەند وەلید تەوفیق بڵاودەکەینەوە و تێیدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی داوەتەوە.**